# پلاتفۆرمی وەستانەوە بە دژی توند و تیژی
# بە بەهانەی "شەرەف" لە بەریتانیا

## کۆڕێکی ماتەمینی بۆ بەناز مەحمود بابەکر ئاغا لە شاری لەندەن





رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 26 ی حوزەیرانی 2007 لە شاری لەندەن لە کاتژمێر 1 ی پاش نیوەرۆ کۆڕێکی ماتەمینی و سەردانێك بۆ سەر گۆری بەناز مەحمود بابەکر ئاغا لە شاری لەندەن رێك خرا لە لایەن پلاتفۆرمی وەستانەوە بە دژی توندو تیژی لەسەر شەرەف لە بەریتانیا، لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی ژنانی خۆرهەلاتی ، ئاسیایی و کوردی و رێکخراوەکانی دژ بە توند و تیژی لە سەر ژنان لە بەریتانیا بەشداریان کرد، هەروەها چەند بەرپرسێك لە میترۆپۆلیتان پۆلیس و بەشی داواکاری گشتی وە نوێنەری رێکخراوی لێبوردنی نێو دەولەتی بەشداریان کرد .

سەرەتا کۆڕەکە بە یەك دەقە وەستان بە بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی بەناز و هەموو قوربانیانی تری کوشتن بە بەهانەی "شەرەف" دەستی پێکرد

بە دوای بەخێرهاتنی ئامادەبووان و ووتەی کرانەوەی کۆری ماتەمینی لە لایەن گۆنا سەعید کارمەندی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان و سەرپەرشتیاری کۆرەکە ، ئامادەبووان پەیامی خۆیان دا و لەسەر کەیسی کوشتنی بەناز و دیاردەی کوشتنی شەرەف لە کوردستان و لە نێو کۆمەلگا کەمە نەتەوایەتیەکان لە بەریتانیا قسەوباسیان کرد.
ووتە بێژان بریتی بوون لە زیاتر لە نوێنەری دە رێکخراوی ژنان لە بەریتانیا کە لە نێویاندا سەوسەن سەلیم لێپرسراوی رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان، دیانا نامی لیێپرسراوی ریێکخراوی مافەکانی ژنانی کورد و ئێرانی، نادیە مەحموود لێپرسراوی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان هەنانە سەدیقی ، دکتور ئایشە گولْ ، هەیسەر هارفی لە لایەن رێکخراوی لێبوردنی نێو دەولەتی ،

ستيف ئالان و نازير ئەفزەڵ لەلایەن دەزگای پۆلیس و داواکاری گشتی وە هەروەها سورمە حەمید و ئایشە وەك دووان لە رزگار بووانی هەرەشەی کوشتنی شەرەف ، بەشداریان کرد .

کۆرەکە پەیامێکی بەدەست گەیشتبوو لەلایەن "بێخاڵ مەحموود" خوشکی بەناز کە لەویٚ خوێندرایەوە و تێیدا داوای لە لایەنەکانی نێو کۆرەکە دەکرد کە کاری زیاتر بۆ رزگارکردنی ژنان لەدەست دیاردەی کوشتنی شەرف بکەن تا ژنانی تر وەك بەناز نەبنە قوربانی ئەم دیاردە درندانەیە. هەروەها کۆرەکە چەندین پەیام و شیعر و ووتەی بۆ هاتبوو لەلایەن رێکخراوی جۆراو جۆر و نوسەرانی کورد لە بەریتانیا و ئەوروپاوە کە لەویٚ خوێندرانەوە.

ئامادەبووان لە قسە وباسەکانیاندا بە گشتی جەختیان لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی کرد لەوانە :

1 دیارەی کوشتنی ژنان بە بەهانی شەرەف ، وەك کوشتنی عەمدی مامەڵەی لەگەڵ بکریٚ و بە هیچ شێوەیەك لە ژێر ناوی هیچ کەلتور و دینێکدا سزا لەسەر تاوانباران کەم نەکرێتەوە لە دادگادا.

2- سەبارەت بە کەمتەرخەمی دەزگای پۆلیسی میترۆپۆلیتان لە فریاکەوتنی بەنازدا کە چەند جار هانای بۆ بردبوون، داوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە کرا تا دەرکەوتنی راستی و بە سزا گەیاندنی بەرپرسان .

3- هاوکاری زیاتر بکرێت لە نێوان رێکخراوەکانی ژنان و دەزگای پۆلیس و دەزگا خزمەتگوزاریـەکان بـۆ پاراستنی ئەو ژنانەی کە لە ژێر هەرەشەدا رادەکەن و داوای یارمەتی دەکەن .

4- کەمپینی بەرفراوان رێك بخرێت بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا کەمە نەتەوایەتیەکان کە دیارەی کوشتنی ژنان بە بەهانەی "شەرەف" بەرفراوانە لە نێویاندا .

5- داوا لە دەزگای پۆلیس کرا کە بە جدی کار بکات بۆ جەخت خستنە سەر دام و دەزگای پۆلیس و دەسەڵات لە کوردستان بۆ دەستگیر کردنی ئەو دووتاوانبارەی کە لە کوشتنی بەنازدا دەستیان هەبووە و ئێستا لە کوردستان بە ئازادی دەسورێنەوە .

بە دوای کۆتایی هاتنی بەشی کۆرەکە ، ئامادەبووان بە ریٚ کەوتن بۆ سەردانی گۆری بەناز و دانانی چەپکە گوڵ لەسەری، شایەنی باسە کە هەروەك چۆن لە کوردستان گۆری هەزاران ژن کە بە بەهانەی "شەرەف" کوژراون هیچ ناو ناونیشانێکی لەسەر دانانرێت و وون دەکرێت ، هەرواش گۆری بەناز بیٚ ناو و ناونیشان بوو ، بۆیە ئامادەبووان زۆر شانازیان بەوەوە دەکرد کە گۆری بەنازیان بە گوڵ رازاندەوە و وێنەیەکی گەورەی بەنازیان لەسەر دانا وە هەر لەویٚ بریاریان دا کە لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بۆ هەڵبەستنی گۆری بەناز کاربکەن تا "بەناز" لە بیر نەکرێت .

چەند وێنەیەك لە کۆری ماتەمینی بەناز مەحمود بابەکر ئاغا لە لەندەن:









---

**بۆ پەیوەندی بە پلاتفۆرمی وەستانەوە بە دژی توند و تیژی بە بەهانەی "شەرەف" لە بەریتانیا:**

**پەیوەندی بکەن بە گۆنا سەعید :**

***Middle East Centre for Women's Rights (MECWR)***
*32– 36a Rye Lane - Peckham*
*London SE15 5BS*
*Tel& Fax: 020 7639 1033*
*www.mecwr.org*
*admin@mecwr.org*